وردیلەچیرۆک

# تەنەکەی خۆڵ

## حەمەفەریق حەسەن

لە چیمەنەکەدا دانیشتوون و باسی سەیران دەکەن.. خاڵۆی، کاتێ دەپەیڤێ، دەست بەلوولەی ڕەشی کلاشینکۆفە بێ قۆنداخەکەی ئامێزیدا دێنێ.

دەوروبەر ڕەنگاوڕەنگە. کەڵەشێرەکە.. کورسییەکان.. تەنانەت تەنەکەی خۆڵەکەیش.. چیمەنی سەوز. گوڵە مینای شین و مۆر. پەتۆنیای سپی. گوڵەباخی پەمەیی، ئاگری و زێڕین. داڵیتی سەر گەراجەکەش سەوزێکی تێرە.

(هێمن) جوولا. دەستی دایە کلاشینکۆفەکەی خاڵۆی. توند بەسینگییەوە گرتووەو بلەز هەڵدێ.. بەدەم غاردانەوە لوولەکەی دەکاتە گوڵەکان، تەنەکەی خۆڵەکەو کەڵەشێرە ڕەنگاوڕەنگەکەی بەر دەرگە. ((تە تە تە...)) وەک بەڕاستی تەقەیان لێبکا، خۆی بەملاو بەولادا دەخات و هەڵدەسێتەوەو.. ئەوا لەپڕ وەستا. بەچوار دەوردا دەڕوانێ. دۆش داماوە. دەستێکی بەچاوەکانیدا هێنا، وتی:

((دایە ئەوە بۆ قژت بۆرە؟.. خۆ جاران زەرد بوو!))

دایکی وتی:

((وەک خۆیەتی هێمن. لەوەدەچێ گێژ بووبی!))

هێمن بەتفەنگەکەوە، لە تەک دایکییەوە دانیشت. چاوی دەگلۆفت. لە دەوروبەر ڕادەما. ((ئای ئای.. ئەوە بۆچی کورسییەکان ڕەش بوون؟)) دایکی هێمن پەشۆکا. هێشتا تفەنگەکە بەشانی هێمنەوە بوو، کاتێ خاڵۆی هەتا دەستشۆرەکەی برد. پاک دەم وچاوی بۆ شت.. کاتێ هاتنەوە نێو چیمەنەکە، هێمن هاواری لێهەڵسایەوە:

((ئەوە خۆ باوەڕم پێناکەن؟.. دەسا چیمەنەکە ڕەنگی بۆر بووە!.. داخەکەم. کەڵەشێرە ڕەنگاوڕەنگەکەیش وەک بەڕەش بۆیەکرابی!.. ئای ئای.. خۆ گوڵەباخەکانیش یان بۆرن یان ڕەش.. هەر ئاسمان وک خۆی بەشینی ماوە!))

((تووشی ڕەنگ کوێری نەبووبێ؟))

دایکی هێمن بەدڵەخورپەوە مستێکی بەسینگی خۆیدا داو ئەمەی درکاند. ئەمجا بەهێمنی وت:

((ئاتۆ ئەو تفەنگە دابنێ و وەرە بۆ لای دایکی خۆت؟))

هێمن تفەنگەکەی دایە دەست خاڵۆی. ئاوڕێکی لە دایکی دایەوە. بازێکی داو بەخۆشییەوە گوتی:

((ئەرێ وەڵڵا، ڕەنگەکان هاتنەوە!.. ئەڵڵاا.. چەند جوانن!!))

کاتێ چەکەکەی لە خاڵۆی وەرگرتەوە، بەبێزارییەوە لەجێی خۆی وەستاو گوتی:

((ئاخ دیسان ڕەنگەکان هەڵاتن!!))

هێمن دەستی شل کردو زرم تفەنگەکە کەوتە ناو چیمەنەکەوە.. لەم کاتەدا هاواری لێهەڵسا:

((هاتنەوە. ڕەنگە جوانەکان هاتنەوە! دۆزیمەوە. هەمووی خەتای ئەم تفەنگەیە.. یەع..!!))

بە تووڕەییەوە تفێکی لە لوولەکەی کرد. لەو دەمەدا، کە دەیویست بیخاتە تەنەکەی خۆڵەکەوە، وتی:

((دایکە، ئەگەر تفەنگ بۆ سەیران بێنن من نایەم!))

سلێمانیOctober 15, 1997

**تێبینی:** (سەرکەوت دەباغ)ئەم وردیلەچیرۆکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی (سویدی)و (برجیتا مادسن و ئەکرەم عەلی) بە زمانەکەیدا چوونەتەوە. بڕوانە (چراخان، ژمارە 24- 25، ساڵی سێیەم، ئەیلوول و تەشرینی یەکەمی ساڵی، 1999)